پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە: لە ڕۆژووگرتنی دوو ڕۆژ، ولە دوو نوێژکردن ،ولە پۆشینی جۆرێک جل، ولە جۆرێک دانیشتن

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە: لە ڕۆژووگرتنی دوو ڕۆژ: ڕۆژی ڕۆژووشکاندن وڕۆژی قوربانی (یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان، وڕۆژەکانی جەژنی قوربان)، ولە (اشتمال الصَّمَّاءِ): جلێک لە بەر بکرێت کە قۆڵی نەبێت دەستی لێوە دەربکرێت، ولە (أن يَحْتَبِيَ الرجل في الثوب الواحد): کەسێک یەک پارچە جلی لەبەر بێت وبەشێوەک دانیشێت کە قاچەکانی دابنێت لە پێشەوەی وبەدەستەکانی قاچەکانی بگرێت، ولە نوێژکردن لە پاش نوێژی بەیانی ونوێژی عەسر».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەم فەرموودەیەدا نەهی کردووە: لە ڕۆژووگرتنی دوو ڕۆژ، ولە پۆشینی جۆرێک جل، ولە جۆرێک دانیشتن، ولە دوو نوێژکردن. ئەو دوو ڕۆژەی کە حەرامە ڕۆژووگرتن تێیاندا: ڕۆژی یەکەمی مانگی شەوال (یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان - يوم الفطر)، وڕۆژانی جەژنی قوربان، ودانایی لە حەرامکردنی ڕۆژووگرتن لەم ڕۆژانە ئەوەیە چونکە ئەم ڕۆژانە ڕۆژی خواردن ودەربڕینی خۆشیە. وئەو دوو جلەی کە نەهی کراوە لە پۆشینیان: (اشتمال الصَّمَّاءِ، والِاحْتِبَاء بثوب واحد)، (اشتمال الصَّمَّاءِ) واتە: جلێک لە بەر بکرێت کە قۆڵی نەبێت دەستی لێوە دەربکرێت. (الِاحْتِبَاء بثوب واحد) واتە: نەهی کردووە لە کەسێک یەک پارچە جلی لەبەر بێت وبەشێوەک دانیشێت کە قاچەکانی دابنێت لە پێشەوەی وبە دەستەکانی قاچەکانی بگرێت کە زۆر کەس لە کاتی گوێگرتن لە وتار بەم شێوەیە دادەنیشن، بە تایبەت ئەگەر لە ژێرەوە پۆشاکی تری لەبەر نەبێت کە عەورەتی دابپۆشیت. وئەو دوو نوێژەی کە نەهی کراوە لە ئەنجامدانیان: نوێژکردن لە دوای نوێژی بەیانی، نوێژکردن لە دوای نوێژی عەسر، بۆ داخستنی هۆکارەکانی خۆچواندن بە کافرەکان ئەوانەی کە سوجدە بۆ خۆر دەبەن لە کاتی دەرچوونی وئاوابوونی، بەڵام دروستە نوێژە فەرزەکان بکات ئەگەر نوێژی نەکردبوو یان ئەو نوێژانەی کە بە هۆی هەندێک هۆکارەوە ئەنجامەدرێن.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4523